زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەر

10

# زەیدی کوڕی سەهل ﵁

## (ئەبوطەڵحەی ئەنصاری)

حبیب محمد سعید

بسم الله الرحمن الرحيم

**زەیدی کوڕی سەهل**

(ئەبوطەلحەی ئەنصاریی)

زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەر ٩

# زەیدی کوڕی سەهل

## ( ئەبوطەلحەی ئەنصاریی )


نوســینی

حبیب محمد سعید


التفسير

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

## ئازیزەکانم ئەی هاوەڵە شیرینەکانی پێغەمبەری خوا..

چاك لام ڕوونە تەنها مسوڵمانەکان بە دڵ و بە گیان ئێوەی بەڕێزیان خۆش ئەوێت، چونکە ڕەفتاری شیرین و کاری مەردانەتان شارەزان. بەڵام نەفام و هەرزە و خۆپەرست و خەڵەتاو و مێشك بەنج کراو و بەکرێ گیراوی بێگانەی کافر هەروەك شەمشەمە کوێرە توانای بینینی خۆری نیە، ئەوانیش دڵیان تاقەت ناگرێ ژیانی ئێوەی قارەمان پێشکەش بە مسوڵمانەکان بکرێت، چونکە ئەزانن ئیتر نیازی گڵاویان نایەتە دیی..

## پێشکەش

پێشکەش بێت بەو برا و خوشکە موسڵمانانەی کە مەبەستی ژیانیان گەیاندنی ئیسلامە بە مرۆڤەکان و هەموو ڕوویەکی ژیانیان ئەکەنە بانگەواز بۆ ئیسلام. بۆ گەیشتن بە ڕەزامەندیی خوای گەورە..

# پێشەکیی

الحمد لله رب العالمين، الصلاة والسلام على سيد المرسلين
محمد وعلى آله وصحبه اجمعين..

بانگی ئیسلام جیاوازییەکی زۆر گەورەی هەیە لە گەڵ بانگە نەفامییەکانا. ئەو جیاوازییەش ئەوەیە ئەو بانگانە مەبەستیان کۆمەڵێک وە یا چینێك وە یا گەلێك وە یا نەتەوەیەکە لە ماوەیەکی دیاریکراودا، بەڵام ئیسلام ڕێبازی هەمیشەیی ئادەمیزادە لە هەموو سەرزەوییدا. خۆ ئەگەر بانگەوازێکی نەفامیی پێی نابێ بە جەرگی خۆیا - بۆ ئەوەی ساختە و دەست بڕینەکانی گەورەتر بێت - و باسی مرۆڤایەتیی هێنابێتە کایەوە، وە لافی ڕزگاریی و سەرفرازیی مرۆڤی بە تێکڕا لێ دابێ، ئەوا خێرا درۆ و دەلەسەکانی دەرکەوتووە و مرۆڤایەتیی ئەو ساختە و ڕووکەشیەی بۆ ڕۆشن بۆتەوە، بۆیە نابینین هیچیان بتوانێ هەتا هەتایی - بەڵکو ماوەیەکی گونجاویش - بۆ خۆی بە دەست بێنێ. خێرا کەم و کوڕیی و ساختە و ڕووکەشییەکانی دەرئەکەوێ و شوێنکەوتوانی پشتی لێ هەڵ ئەکەن..

لەولاوە ئیسلامی بێگەرد. نەخشەی پەروەرگار. پڕۆگرامی هەتا هەتایی ژیانی ئادەمیزاد. وەك شاخی دامەزراو بە درێژایی مێژوو بڕیاری كۆڵنەدان و نەبەزیین ئەدا. كام كاتە شوێن كەوتەی ڕاستەقینەی كەم بن و دوژمنی داخ لە دڵی زۆر و زەبەندەبن و پاگەندەی لە دژ بكەن، ئەوا ڕێك و پێكیی و دامەزراویی و فراوانیی و بێگەردیی خۆی ئەسەلمێنێ بە مرۆڤایەتیی. چونكە ئیسلام كە وەك نەخشەی پەروەردگارە، خاوەنی پەڕاوێكی بێ وێنەیە - كە قورئانی پیرۆزە - كە وەك گەنجینەیەكی دوایی نەهاتووە و بۆ هەموو چەرخ و شوێن و كۆمەڵێك دەرگای دەروون گوشادیی ئەخاتە سەرپشت تا مرۆڤە سەرلێشواو و بێنەوا و لێقەوما و مافخوراوەكان بە ئاوات بگەن. تا كلیلی بەختیارییان دەست كەوێ و هەڵسن بە بانگی پیرۆز و مرۆڤایەتیی بانگ بكەن بۆ ژێر سێبەری دادپەروەریی و یەكسانیی و برایەتیی ڕاستەقینە، ئەوەی كە ئیسلام بەڵێنی داوە. وە ئەوەی كە قورئان نەخشەی كێشاوە، نەك بەڵێنە پووچەڵەكانی شۆڕشی فەڕەنسا و نەخشە گڵاوەكانی سایۆنیی و سەلیبی مەبەست گڵاو..

بەڵێ ئیسلام لە هەموو كات و شوێنێكا دڵان ڕۆشن ئەكاتەوە. ئەیانكاتە خەمخۆری مرۆڤایەتیی و چاكە و چاكەویستیی لەلایان ئەبێتە ئاواتی ژیان..

ئەمڕۆش لە سەر زەوییدا. لە هەموو وڵاتێكدا. لە ناو هەموو گەل و نەتەوەیەكدا، مرۆڤەكان - بە پیاو و ئافرەتەوە - ڕوو ئەكەنە ئیسلام. ڕوو ئەكەنە ڕێبازی ڕزگاركەر و ئەبنە سەربازی خۆنەویست و كۆڵنەدەر و ئەوانیش مرۆڤەكانی تر بانگ ئەكەن بۆ سەرفرازیی هەردوو جیهان..

سوپاسی بێ پایان بۆ خوای میهرەبان..

هیوادارم خوای گەورە کۆمەکیی موسڵمانیش بکا تا بە تەواویی و پوختەیی لا بکاتەوە بەلای ئیسلاما و قورئانی پیرۆز بگرێت بە دەستەوە و بە چاو و دڵێکی ڕۆشنەوە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بکاتە پێشەوای خۆی تا لە زەلکاوی نەگبەتیی و دەستبڕین و یاریی پێکردن ڕزگاری ببێ و سەربەرزی هەردوو جیهان بێت..

خۆشەویستەکانم، نامیلکەی ئەمجارەمان لەبارەی دروست بوونی خێزانێکی موسڵمانەوەیە. بە هیوام بە هەموومانەوە پەند و پەروەردەی لێ وەرگرین تا ئێمەش بەو هەنگاوانەی کە ئەو کۆمەڵە ناوازەیە هەڵیگرتن، بە ئاوات بگەین و ژیانێکی ئادەمیانەی بەرز و پیرۆزمان دەست کەوێ..

نووسەر

یەکی موحەڕڕەمی/ ١٤٠٢

٢٩ ی تەشرینی یەکەمی/ ١٩٨١

## خـێزانی بەخـتـەوەر

لە کاتێکا کە نێردراوی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم موصعەبی کوڕی عومەیر دینی ئیسلامی ڕائەگەیاند بە دانیشتوانی یەثریب، زەیدی کوڕی سەهل کە بە ئەبوطەلحە ناسراوە گەنجێکی لێهاتوو بوو. بەڵام هەروەك نەیئەتوانی دەست هەڵگرێ لەو بتەی کە لە تەختەیەکی بە نرخ دروستی کرد بوو تا شوێنی دینی تازە بکەوێ، هێشتا ژنیشی نەهێنا بوو..

لەم تەمەنەدا بە ژیانێکی نەفامانەوە ئەژیا. چاوە و چاوی ئەکرد تا ئافرەتێکی خاوەن پایە و پلەی بەرچاو کەوێ کە هاوشانی ئەو بێ تا مارەی بکا..

لەم کاتەدا بیستی کەوا ئافرەتێکی ژیر و دامەزراو و لەسەرخۆ و خاوەن ڕەوشت و خوویەکی بەرز بە ناوی ئوم سولەیمی کچی مەلحانی نەجاریی مێردەکەی، کە مالیکی کوڕی نەچرە، مردووە.

بە هەستێکی نەفامانەوە، بەم هەواڵە زۆر دڵی گەشایەوە. بە خۆی و سامان و جوامێریی و ئازایەتییدا ئەیپەرموو کە شووی پێ بکا، بۆیە بڕیاری دا پێش هەموو کەسێ لێی بچێتە پێشەوە، چونکە

ئافرەتی وا خاوەن ناو و شۆرەت و خوڕەوشتی بەرز خەڵکیی بە هەڵپەوە داوای ئەکات.

بێخەم بوو تا ئەمیش وەستا بێ، بە هیچ داواکارێك شوو ناكات چونکە:

ئەم پیاوێکی پیاوانە و دامەزراو و خاوەن پایە و پلەیە و خاوەنی سامان و دارایییەکی یەکجار زۆرە..

دیسان سوارچاکی نەوەی نەججارە و یەکێکە لە تیراندازە لێهاتووەکانی شاری یەثریب.

بە شێوەی دەستوور و باوی ئەو ڕۆژە و ئەو کۆمەڵە کە هێشتا ئیسلامی بە تەواویی تیا نە چەسپابوو، ئەبوطەلحە لێی دا و بەرەو ماڵی ئوم سولەیم کەوتە ڕێ..

لە ڕێگادا بیری لەوە کردەوە کە یەك شت هەیە ڕێگای ئەم کارەی لێ بگرێ و نەیەڵێ شووی پێ بکا..

بیری کردەوە ئەم ئافرەتە بە ئامۆژگارییەکانی موصعەبی کوڕی عومەیر موسڵمان بووە، خێرا بە خۆی وت جا ئەوە چی تیایە؟ ئەی گوایە مێردی پێشووشی هەر لەسەر دینی باو و باپیری نەمابۆوە بێ ئەوەی شوێن دینی ئیسلام بکەوێت؟!

گەیشتە بەرەوە. دوای ماوە خواستن چووە ژوورەوە و ئەنەسی کوڕی ئوم سولەیمیش لە ماڵەوە بوو، قسە قسە و باس باس مەوزوع هاتە ناوەوە و باس کرا، کاتێ ئوم سولەیم زانیی ئەبوطەلحە بۆ داواکردنی هاتووە پێی وت:

پیاوی وێنەی تۆ ئەی ئەبوطەلحە، پیاوی جواب کردن نییە. بەڵام چونکە تۆ ناموسڵمانی، شووت پێ ناکەم..

بەم وتەیە ئەبوطەلحە دڵی ئاوی نەخواردەوە، بەڵکو وای زانی ئەمە بیانوو گرتنە بۆ جواب کردنی و پیاوێکی دەوڵەمەندتر و دەسەڵاتدارتری بەرچاو گرتووە، بۆیە وتی:

بە خوا ئەمە نییە کە قەدەغەت ئەکا لە شوو پێ کردنم، ئەی ئوم سولەیم.

- ئەی کەواتە چییە؟!

+ زەرد و سپیی و زێڕ و زیو..

- زێڕ و زیو؟!

+ بەڵێ.

- دەی ئەبوطەلحە من تۆ ئەگرم بە شاهێد وە خوا و پێغەمبەر ئەگرم بە شاهێد ئەگەر تۆ موسڵمان ببی ئامادەم شووت پێ بکەم و بە بێ زێڕ و زیو، وە موسڵمان بوونەکەشت ئەکەمە مارەیی خۆم..

ئەبوطەلحە بەم وتەیە دڵی متمانەی کرد کە ئوم سولەیم بە ڕاستێتی، بەڵام بیری کردەوە لە بتەکەی کە لە چاکترین و بە نرخترین جۆری تەختە دروستی کردبوو، وە بە وێنەی سەرداره خزمەکانی تری بتی تایبەتی خۆی بوو، وە دڵی نە ئەهات واز لە دینی با و باپیری بێنێ..

ئوم سولەیم بە شێوەی بانگکەری موسڵمان، هەستی کرد کە ئەمە هەلێکە بۆ لادانی ئەبوطەلحە لەسەر ڕێبازی شەیتان، بۆیە پێویستە لە کیس نەدرێ، زانیشی کاتیەتی هێرشی ڕاستەوخۆ بکاتە سەر بتی بێ کەڵك و زیان، هێشتا ئەبوطەلحە لە بیرکردنەوەدا بوو، خێرا لێی هاتە وتار و وتی:

- گوایە ئەبوطەلحە تۆ نازانی ئەم خوایەی کە تۆ ئەیپەرستی و وا پەرستنی خوای لە بیر بردویتەوە لە زەویی دەر هاتووە؟

+ بەڵێ ئەزانم.

- دەی توخوا شەرم ناتگرێ ساقی درەختێك بپەرستی کە تۆ هەندێکت لێ کردووە بە خوا و کەسانی تریش پاشماوەکەی بکەنە سووتەمەنیی بۆ خۆ گەرم کرنەوە وە نان پێ کردن؟

ئەگەر تۆ موسڵمان ببی — ئەی ئەبوطەلحە — ئامادەم شووت پێ بکەم مارەییم لێت ناوێ جگە لە موسڵمان بوون.

+ جا کێ ئیسلامم پیشان بدا؟

- من پیشانت ئەدەم.

+ جا چۆن؟

- شایەتیی بدەی کە جگە لە خوای دروستکەر هیچ کەس شایەنی پەرستن نییە، وە موحەممەدیش صلى الله عليه وسلم پێغەمبەری خوایە، پاشان بچیتەماڵەوە بتەکەت بشکێنی و فڕێی بدەی.

ڕوومەتی ئەبوطەلحە گەشایەوە. لە قوڵایی دڵیەوە بۆی ڕوون بۆوە کە ئەم ئافرەتە خاوەن ژیریی و دانایەتییە، بە خۆڕایی شوێنی دینی تازە نەکەوتووە. وە ڕێبازێ ئەوەندە خۆشەویست بێ بە لای شوێنکەوتووەکانیەوە و ژیانی بۆ تەرخان بکرێت، ئەبێ ڕێبازێکی ڕاست و ڕەوان و ڕێك و پێك بێت، بۆیە ئەوەندەی پێ نەچوو خۆشەویستیی ئیسلام چووە دڵیەوە و شایەتیی حەقی دا و هاتە ڕیزی کۆمەڵی قورئانەوە، وە دوای ئەوە بتە بێ کەڵکەکەی شکاند...

بەم شێوەیە خێزانی پیرۆز و پڕ فەڕ بەرپابوو، بە خواپەرستیی و چاك ویستیی ژیانی خۆی ڕازاندەوە..

ئەوەبوو موسڵمانەکان ئەیان وت:

هەرگیز نەمانبیستووە هیچ مارەییەك لە مارەیی ئوم سولەیم بەڕێزتر بێت..کەوا موسڵمان بوونی کردە مارەیی خۆی..

ئەم سولەیم - وەك خوشکە بەڕێزەکانی تری- نموونەی ئافرەتی موسڵمانە. نمونەی خۆبەختکەری موسڵمانە. نموونەی موسڵمانێکە کە بیروباوەڕەکەی لە ژیانی لا خۆشەویستتر بێت. ئەمەش شانازییە بۆ ئافرەتان کەوا ئەو هێز و وزانەی لە ئافرەتا هەن تەنها ئیسلام ڕزگاریان بکات و بۆ بنیاتنان و سەرکەوتن بیانخاتە کار..

جا لێرەدا بە پێویستی ئەزانم لە بارەی خێزانی موسڵمانەوە شتێك باس بکەین - ئەگەرچی کەمیش بێت - .

کۆمەڵی ئیماندار پێویستە هەوڵ بدا تا ئەندامەکانی - بە کوڕ و کچەوە - لە داوێن پیسیی و ڕەفتی ناشەرعی ڕزگار بکا، ئەویش بەوە کە هەریەکەیان هاوسەری شیاوی خۆی دەست بخات. پێویستە هەموو ڕێگایەکی شەرعیی بگیرێتە بەر بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پیرۆزە..

بەڵام لە پاڵ ئەمەدا پێویستە هەموو کوڕ و کچێك، بەر لە ژن هێنان و شووکردن، بە پێی شەریعەتی بێگەردی ئیسلام ماف و ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێ..

پێویستە بزانێ چۆن لەگەڵ هاوسەرەکەیا هەڵس و کەوت ئەکا. چۆن گرێ کوێرەکانی ژیان هەنگاو بە هەنگاو چارەسەر ئەکەن. تا ئەو خۆشەویستییەی لە نێوان موسڵمانە پێشینەکانا هەبوو لێی بێ بەش نەبن..تا ژن و مێردی موسڵمان - دەست لە دەستی یەکا - خەریکی گەیاندنی ئیسلامی بێگەرد بن. نەك عەوامیی و بێ ئاگایی بە یەکێکیان یان هەردووکیان لە ئیسلام ژیانیان بکاتە ژەهری مار..

دوای ئەوە پێویستە لەسەر موسڵمان - چ پیاو و چ ئافرەت - چاك بزانێ ئەوەی کە ئەیەوێ ببێتە هاوسەری ژیانی، هیچ نیازێکی پێی نییە جگە لەوەی کە دڵی چۆتە سەر موسڵمانێتیی و ڕەوشت بەرزییەکەی چونکە ئەوانەی چاو ئەبڕنە گەنجێتیی و جوانیی و دەوڵەمەندیی و زۆریی کەس و کار، ئەوانە بە کەڵکی هاوسەریی موسڵمان نایەن و بەرگەی تەنگانە ناگرن و موسڵمان لە خۆشیی و ناخۆشییدا بە دەستیانەوە بەگیر دێت!!

کورتەکەی تا لە پیاو و ئافرەتی موسڵمانی تێگەیشتوو خێزانی موسڵمان دروست نەبێ، و لەکۆڕی ژیانا بە نەفامانی نەسەلمێنن کە هەر ئیسلامە ژیانی پڕ کامەرانیی و پڕ لە خۆشەویستیی، پێشکەش بە ئەندامانی خێزان ئەکا، ئەوا مرۆڤایەتیی لە کەڵك و بەخششەکانی ئەم ئیسلامە بێگەردە تێ ناگا!

## سەربازی بەوەفا

ئەبوطەلحە موسڵمان بوو وە بووە ئەندامێکی دڵسۆزی کۆڵنەدەری کۆمەڵی موسڵمان. ئەمەش هەر لەو ساڵەدا کە پێغەمبەری خۆشەویست صلى الله عليه وسلم موصعەبی نارد بۆ مەدینە تا ئیسلامیان پێ ڕاگەیەنێ. ئەبوطەلحەش بە وێنەی برا موسڵمانەکانی تری، هەموو هێز و وزە و توانا و غیرەتی خۆی خستە کار بۆ بەرگریی لە ئیسلام و گەیاندنی بانگی پیرۆز بە مەردومەکانی تر..

ئەبێ ئەوەش بزانین دانیشوانی شاری یەثریب خاوەنی دڵ و دەروونێکی فراوان و ژیرییەکی بێ ئەندازە و غیرەتێکی بێ وێنە بوون، لەو ماوەیەدا کەم ماڵ هەبوو لە یەثریبدا ئیسلامی تێ نەچووبێ. ئەوەبوو ساڵی پێشوو دوانزە کەس لە شاری یەثریب موسڵمان بوون و پەیمانی یەکەمی عەقەبەیان لە گەڵ پێغەمبەری خوا بەست، وە بۆ ساڵی ئایندە حەفتا و سێ پیاو و دوو ئافرەتی موسڵمان لە گەڵ دانیشتوانی تری یەثریبدا، بە بۆنەی حەجی کەعبەوە، بەرەو مەککە کەوتنە ڕێ. ئەبوطەلحەش یەکێ بوو لە حەفتا و سێ پیاوە و ئوم سولەیمی خێزانیشی یەکێ بوو لەو جووتە ئافرەتە کە بوونە میوانی ڕاستەقینەی ماڵی خوا. وا دەرئەکەوێ کە ئەبوطەلحە یەکێ بووە

لەو دوانزە نەقیبەی کە بە هەڵبژاردنی موسڵمانەکان، پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وسلم کردینە ئەمیری ئەنصارەکان. دوای ئەوەی پەیمانی دووەمی عەقەبە بەسترا و دانیشتوانی یەثریب بەڵێنی بەخت کردنی سەر وماڵیان دا لە پێناوی ئیسلاما، پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وسلم کۆچی کرد بۆ مەدینە و دەوڵەتی ئیسلامی دامەزراند، بۆ یەکەم جار دەوڵەتی قورئان لەسەر ڕووی زەوییدا دامەزرا و بووە بنکەی بانگی ئیسلام تا لەوێوە دەست بکا بە بڵاوبوونەوە و تیشك و تینی قورئان بەرە بەرە بە بەشەکانی تری زەوییی بگەیەنێ، تا هەموو نیوە دوورگەی عەرەبیی گرتەوە پێش ئەوەی پێغەمبەری مەزن صلى الله علیه وسلم کۆچی دوایی بکات و بڕوات بۆ لای خوای گەورە وە لەپاش ئەویش خەلیفە ڕاشیدەکان و ئەوانەش کە بە دوایانا هاتن ئاڵای دەوڵەتی قورئانیان لە سەر هەموو بەشەکانی زەوییدا داکوتا..

بەڵام بە دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە مەترسیی و تەنگ و چەڵەمە لە موسڵمانەکان دوور نەکەوتەوە، جا هەرچەندە موسڵمانەکان لەژێر چەپۆکی ستەم و دەست درێژیی خوانەناسان ڕزگاریان بوو، دوای ئەوەی مەردانە ئارامیان گرت و دانیان بە خۆیانا گرت، بەڵام لەولاوە ڕق و کین و بەرەبەرەکانێ و دژایەتیی خوانەناسان زیاتر پەرەی سەند..

ئەوەبوو لە مەککەدا تەنها قوڕەیش ئاڵای دوژمنایەتیی بانگی قورئانی هەڵکردبوو، بەڵام لە مەدینەدا، زۆربەی هۆزە بەهێزە خوانەناسەکان کەوتنە دژایەتیی لە گەڵ بانگی پیرۆزدا. دژایەتیی مەککە بریتیی بوو لە ئازار و ئەشکەنجەدانی موسڵمانەکان و فریودانیان. بەڵام دژایەتیی مەدینە بریتیی بوو لە پڕوپاڵانتە کردن دژی ئیسلام و پێغەمبەر و موسڵمانەکان، وە درۆ و دەلەسە هەڵبەستن و پیلان گێڕان و هاندانی خوانەناسەکان بۆ پێکەوە نانی لەشکری

خوێنخۆر و دوڕندە بە پشتگیریی کردنی جولەکە و مونافیقەکانی مەدینە بۆ لەناو بردنی ئیسلام بە هەر ڕێگایەك بێت.

موسڵمانەکانیش، بە موهاجیر و ئەنصارەوە، ئەوەندە ساویلکە نەبوون وا بزانن بە کۆکردنەوەی موسڵمانەکان لە مەدینەدا و بەرپاکردنی دەوڵەتی ئیسلامی ئیتر هەموو شتێ بڕاوەتەوە و دوژمنان کۆڵیان داوە. بەڵکو ئەیانزانیی لەشکری نەفامیی بە هەموو هێزێکەوە خەریکی تەگبیر کردنە و هەوڵ ئەدا بە هەموو شێوەیەك چرای ڕێبازی قورئان بکوژێنێتەوە. بۆیە ئەوانیش بە پیاو و ئافرەتەوە. بە پیر و گەنجەوە، خەریکی خۆ ئامادە کردن بوون بۆ پەرچ دانەوەی هێرشی لەشکری شەیتان. خەریکی خۆ ئامادە کردن بوون نەك تەنها بە چەك و بە کەرەسەی تری جەنگ، چونکە لە ڕاستییدا ئەمە دیوێکی خۆ ئامادە کردنە و دیوەکەی تری بریتییە لە خواپەرستیی و پاك کردنەوەی دڵ و دەروون لە ژەنگ و ژاری نەفامیی، وە خۆ ئامادە کردن بۆ سەر و ماڵ فرۆشتن بە خوای پەروەردگار بەرامبەر بەهەشت. بەم شێوەیە موسڵمانەکان خۆیان ئامادە ئەکرد، بۆیە لە هەموو جەنگێکدا سەرکەوتوو ئەبوون و کردەوەی سەرسوڕهێنەریان لێ دەرئەکەوت.

ئەبێ لە یادمان نەچێ کە پاك کردنەوەی دڵ و دەروون لە ژەنگ و ژار و خۆشویستنی ژیانی دنیا تەنها لە لەشکری خوادا بەدی ئەکرێت. چونکە تەنها پەروەردەی ئیسلامییە لەگەڵ سروشتی دەروونی مرۆڤدا گونجاوە و هەر تەنها ئەمیشە پەروەردەی ڕاستەقینەی بکا..

بۆیە ئەبینین لە مێژوودا هەڵگرانی بانگی خوا دەروونیان لە خۆشەویستیی دنیا و ماشە و هاش و لووش دوورە و هەر تەنها ئەوانیش دڵسۆزی ڕاستەقینەی مرۆڤن..

بێگومان ئەبوطەلحەش یەکێك بوو لە سەربازە تێگەیشتووە کۆشکەرەکانی کۆمەڵگەی موسڵمانی مەدینە..

ئەبوطەلحە لە هەموو ڕووداوێکا بەژداریی کردووە و ئەوپەڕی ماندوو بوون و تاقیکردنەوەی تووش بووە کە یەکەمیان جەنگی بەدر بوو. بەڵام گرنگترین ڕۆژانی تاقیکردنەوەی ئەبوطەلحە لە ڕۆژی ئوحودا بوو، کە ئەمیش یەکێ بوو لەوانەی کە بەرگرییان لە پێغەمبەری خۆشەویست ئەکرد..

ئەبوطەلحە لەو ڕۆژەوە کە بووە سەربازێکی ناو لەشکری خوا، خۆشەویستی ئیسلام و پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە قوڵایی دڵیا جێی خۆی گرتەوە. بەڵکو لەگەڵ گۆشت و خوێنیا تێکەڵ بوو، بۆیە هەرچەندە لە خزمەتی پێغەمبەرەکەیا بمایەتەوە و هەرچەندە سەیری ڕوومەتی گەشاوەی بکردایە و هەرچەندە گوێی لە فەرموودە شیرینەکان بگرتایە، تێری نەئەخوارد و تینووی نەئەشکا..

بە شێوەی سەربازێکی دڵسۆز و بەوەفا. ئەگەر لە خزمەتیا بمایەتەوە، لەبەر دەستیا چۆکی ئەدا و ئەیوت گیانم بە قوربانی گیانت بێت و سەرم بە قەڵغانی سەرت بێت.

ئەم وتانەی ئەبوطەلحە پێویستیان بە کردار هەیە، بەڵێ، مەرجی سەرەکیی کردارە، وتەی بۆش هیچ سودێکی نییە، ئەوە بوو ڕۆژی ئوحود سەلماندی کەوا هەرچی بە دەم وتوویەتی لە قوڵایی دڵیەوە هەڵقوڵاوە..

وا هاتە پێش بۆ موسڵمانەکان دوای ڕاونانی قورەیش سەریان لێ بشێوێ و گەمارۆ بدرێن و لە بنکەی سەرکردایەتیی بپچڕێن و پێغەمبەریش لەگەڵ چەند کەسێکی کەمدا بکەونە ژێر هێرشی داخ

لە دڵانەی خوانەناسەکانەوە، لە ئەنجاما تووشی ئازار و ناڕەحەتیەکی زۆر ببن..

ناڕەحەتیی ڕووی کردبوە موسڵمانەکان. شەیتان خەریك بوو دەستی ئەهێنا بەسەر دڵیا. پاگاندە دەوریێکی چاکی ئەدیی بۆ ساردکردنەوەی موسڵمانەکان بە تایبەتیی کاتێ کە بینیان پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کوژراوە، بەڵام هەندێکی خاوەن ئیمانی دامەزراو هانی جەنگاوەرەکانیان ئەدا تا پشت هەڵ نەکەن بۆ دوژمن و، تا دوا دڵۆپی خوێن بجەنگین و، ئەگەر ڕاستە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کوژراوە با ئەوانیش لەسەر ئەوە گیان بەخت بکەن..

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم تیراندازێکی زۆر چاك بووە، وە لەکاتی هێرشی خوانەناسەکاندا هەر خەریك بوو تیری تێ ئەگرتن بەبێ وەستان، هەتا تیرو کەوانەکەی شکا. وە لەبەرامبەرەوە کافران بەوپەڕی داخ لە دڵییەوە هێرشیان ئەهێنایە سەری تا بیکوژن، موسڵمانەکانیش بەوپەڕی فیداکارییەوە بەرگریان لێ ئەکرد. هەتا ئەوەبوو حەوت پیاوی ئەنصاریی شەهید بوون..

یەکێ لەو کۆڵنەدەرانەی کە ئەوپەڕی هەوڵ و کۆششیان ئەکرد بۆ پەرچدانەوەی ئەو هێرشانەی کە خوانەناسەکان ئەیانکردە سەر پێغەمبەری خوا، ئەبوطەلحە بوو..

ئەبوطەلحە لەبەردەم پێغەمبەردا صلی الله علیه وسلم وەك شاخی دامەزراو ڕاوەستا بوو، پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم خۆی دابووە پەنای. ئەوە بوو وتمان ئەبوطەلحە تیرەندازێکی لێهاتووی مەدینە بوو، جا ئەو لێهاتنەی ئەگەر بۆ ڕۆژی ئوحود نەبێ ئیتر بۆ کەی؟

تیر و کەوانی خستە کار. بەرەو دوژمنی بێویژدانی خوانەناس تیری یەك لە دوای یەك ئەهاویشت تا هێرشەکانیان پەرچ بداتەوە..

لەم کاتانەدا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم سەری بەرز ئەکردەوە تا چاوی لەکاری تیرەکان بێت، ئەبوطەلحەش ئەیگێڕایەوە و ئەیوت:

دایك و باوکم بە قوربانت بن، سەر بەرز مەکەرەوە، نەوەکو بتپێکن. گەردنم بە قوربانی گەردنت بێ و سنگم بە قوربانی سنگت بێ. بە قوربانی ڕێگات بم..

ئەبوطەلحەی پاڵەوان لەو کاتە ناسکەدا لەبەر دەستی پێغەمبەری خوادا صلی الله علیه وسلم ئەوەستا و ئەیوت:

ئەی پێغەمبەری خوا، من توانام هەیە و بەرگەگرم، جا بمنێرە بۆ جێ بە جێ کردنی پێویستیەکانت و هەرچیت ئەوێ فەرمانم پێ بدە..

غیرەتی ئەبوطەلحەی خواناس بەم شێوە بوو، بۆیە پێغەمبەری خۆشەویست صلی الله علیه وسلم لە بارەیەوە ئەیفەرموو:

((دەنگی ئەبوطەلحە لەناو سوپادا لە کۆمەڵێ جەنگاوەر چاکترە))..

جا ئەگەر موسڵمانێك لە ترسی ئەو هەڵوێستە ناهەموارە بە نیازی هەڵاتنەوە بیدایە بەلای پێغەمبەردا و توورەکەی تیری پێ بوایە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بانگی لێ ئەکرد و پێی ئەیفەرموو:

تیرەکان لەبەردەمی ئەبوطەلحەدا هەڵڕێژە و پێیانەوە ڕامەکە..

ئەو ڕۆژە ئەبوطەلحە پاڵەوانانە جەنگی کرد. دوژمنانی لە پێغەمبەری خوا ئەگێڕایەوە. تا سێ کەوانی شکاند و هەرچەند خوا ویستی هەبوو لە سەربازانی لەشکری نەفامیی بە دۆزەخ گەیاند..

هەروا بەردەوام بوو بەبێ کۆڵدان تا جەنگ کۆتایی هات..

لەولاوە ئوم سولەیمی خێزانی شان بە شانی عائشەی دایکی ئیمانداران - خوا لێیان ڕازیی بێت - زۆر مەردانە هەڵمەتیان ئەدا و بە کۆڵ کوندە ئاویان فریای جەنگاوەرەکان ئەخست و دوای خاڵی بوونیان ئەگەڕانەوە و خێرا پڕیان ئەکردەوە بۆیان..

## ئـامـانج و مەبەستی موسڵمـان

ئەبوطەلحە هەروەك گیانی فرۆشتبوو بە خوا و هەموو ساتێ ئامادەی بە فیداکردنی بوو، لەولایشەوە زۆر دەروون فراوان بوو، وە لەکاتی تەنگانە و پێویستییدا خاوەنی ماڵ و دارایی نەبوو. ماڵو دارایی بۆ خزمەتی ئیسلام ئەویت، ژیانی دنیای بۆ ئاوەدان کردنەوەی قیامەتی تەرخان کردبوو، خۆ ئەگەر ماڵ و دارایی ژیانی دنیا گەردێك زیانی بۆ ئیسلام بوایە، بە هیچ شێوەیەك نە ئەچوو بە دڵیا. پاڵی پێوە ئەنا. لە خۆی دوور ئەخستەوە..

کۆمەڵی ئیماندار وەها ئامۆژگارییەکانی قورئانیان وەرگرتبوو و خۆیان پێ پەروەردە کردبوو، بە هیچ شێوەیەك ژیانی دنیا نەیئەتوانی لە خشتەیان بەرێ و واز لەکاری سەر شانیان — کە ڕزگارکردنی دڵەکان بوو لە داو و تەڵەکەی ڕێبازی شەیتان — بێنن. هەموو ئاواتیان ئەوەبوو خوای پەروەردگاریان لێ ڕازی بێت و قیامەتیان نەفەوتێ..

ئەبوطەلحەش خوا لێی ڕازی بێت یەکێ بوو لەو سەربازە خۆنەویستانە..

ئەبوطەلحە باغێکی دار خورما و میوەی هەمە جۆری هەبوو کەوا لە مەدینەدا هاوتای نەبوو، چ لە دار و درەختا، چ لە بەر و بوومدا، وەچ لە ئاوی سازگاردا..

سێبەر و سەوزایی ئەو باغە دڵانی گەش ئەکردەوە، تەیر و باڵندەی خۆش دەنگ و خۆش ئاوازی لێ کۆ بووبوویەوە. لەهەر لایەکەوە مرۆڤ گوێی لێ بگرتایە هەردەم ئاوازێك بەر گوێی ئەکەوت. نەخشینیی و ڕەنگینیی باغی ڕازاوە دڵانی حەیران ئەکرد..

جارێکیان ئەبوطەلحە لەژێر سێبەری درەختەکاندا نوێژی ئەکرد. باڵندەیەکی دەنگ خۆشی ڕەنگ سەوزی دەنووك سووری پێ ڕەنگین کە بە سەر درەختەکانەوە ئەیخوێند، دڵی ئەبوطەلحەی ڕاکێشا و لە نوێژەکەی بێ ئاگای کرد..

باڵندەی شیریین و ڕەنگین لەم دار بۆ ئەو دار و لەم لق بۆ ئەو لق خەریکی هەڵفڕیین و نیشتنەوە بوو، بە دەنگ و ئاوازێکی غەمگینەوە خەریکی سەما و سەیرانی خۆی بوو. بەشێك لە ژیانی ئەدایە سەر و بە زمانی حاڵ یاد و تەسبیحاتی خوای ئەکرد وەك بڵێ: خوا تاك و تەنیایە و جگە لە خۆی کە بەدیهێنەری ئەم گەردوونەیە هیچ شتێ شایانی پەرستن نییە. بۆیە شان بە شانی بوونەوەر ملکەچیی بۆ خالق ئەنواند..

لەم کاتەدا ئەبوطەلحەش لە یادی چۆوە لە بەردەم خوای گەورەدا وەستاوە. لە یادی چۆوە خوای پەروەردگار گوێی گرتووە بۆ وت و وێژی بەندەی ملکەچ. باڵندەی ڕەنگیین دڵی ڕفاند و لە نوێژەکەی بێ ئاگا بوو، خێرا هاتەوە سەر خۆی بەڵام لێی تێك چوو کە داخۆ دوو ڕکعەت نوێژی کردووە یان سییان؟! هەر چۆنێ بوو لە نوێژەکەی

بۆوە. خێرا بێ وەستان خۆی گەیاندە خزمەتی پێغەمبەری خوا، تا لە دەردی دڵی ئاگاداری بکا. تا هەڵوێستی بەندایەتیی خۆی بەرامبەر بە خوا بۆ پێشەوای خۆی دەرببڕێ. تازە ئەو خۆی بە خاوەنی ئەو دڵە دامەزراوە هۆشیارە بۆ خوا لێ بڕاوە نازانێ وەك جاری جاران. پێویستی بە چارەسەر هەیە. پێویستی بە دەرمان هەیە. ئەم دەردەی ئەو دڵبەستنە بە ژیانی دنیاوە. لە بیر چوونی ڕۆژی دوایی و نوقم بوونە لە ناو لیتە و زۆنگاوی دنیا خۆشویستندا بە جۆرێك کە لە نوێژا لە یادی بچێتەوە کە ئەو لە بەردەم پەروەردگاری مەزندا وەستاوە. دەرمانی ئەو دەردە کوشندەیەش تەنها لە ڕیشە دەرهێنانی خۆشویستنی ژیانی دنیایە لە دڵ و دەروونداǃǃ دەرمانی ئەم دەردە دەستبەرداربوونە لەو باغەی کە دار و درەخت و سەوزیی و سێبەری و باڵندە دەنگ خۆشەکانی لە خشتەیان بردووە و نوێژەکەی لە یاد چۆتەوە. دوای گێڕانەوەی ئەمە، بە پێغەمبەری خوای وت:

بە شایەت بە ئەی پێغەمبەری خوا، من وا ئەم باغەم بەخشی لە ڕێی خوادا. تۆش چۆن خوا و پێغەمبەری خوا پێیان خۆشە وای لێ بکە..

هەروەها ئەنەسی کوڕی مالیك خوا لێی ڕازی بێت هەڵوێستێکی تری ئەبوطەلحەمان بۆ ئەگێڕێتەوە کە ئەڵێ:

ئەبوطەلحە - واتە زەیدی کوڕی سەهل - لە هەموو ئەنصارەکان زۆرتر دار خورمای هەبوو، خۆشەویسترین ماڵ و سامانی، باغی (بیرحاء) بوو کە باغچەیەك بوو بەرامبەر مزگەوتی پێغەمبەر، پێغەمبەری خوایش صلی الله علیه وسلم هەموو جارێ ئەچووە ناویەوە و لە سێبەر و کانیاوە سازگارەکەی خۆی فێنك ئەکردەوە. جا

کاتێ ئەم ئایەتە پیرۆزە هاتە خوارێ کە ئەفەرموێ:

﴿لَن تَنَالُواْ ٱلْبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَ ۝٩٢﴾ (آل عمران)

ئەبوطەلحە هەڵسا و هات بۆ لای پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم جا وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، خوا - عز و جل - بە ئایەتی ﴿لَن تَنَالُواْ ٱلْبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَ ۝٩٢﴾ بڕیاری داوە موسڵمانەکان تا هەرچییان خۆش ئەوێ لە ماڵ و سامانی دنیا، لە ڕێی خوادا لێی نەبەخشن خوا پەرستی تەواویان دەست ناکەوێ، وە منیش خۆشەویسترین سامانم لە لام (بیرحاء)ە، وا بەخشییم لە ڕێی خوادا، بە تەمای چاکە و پاشەکەوتیم لە لای خوای گەورە. جا ئەی پێغەمبەری خوا، بەو شێوەیەی لێ بکە کە خوا پێی خۆشە..

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: بەخ، بەخ، ئەوە سامانێکی قازانجکەرە، ئەوە سامانێکی قازانجکەرە. بە ڕاستی ئەوەی وتت ئەی ئەبوطەلحە بیستم، وە لێمان وەرگرتیت، وە گێڕامانەوە بۆت، وە من وای بە چاك ئەزانم دابەشی بکەیت بە سەر خزمە نزیکەکانتا.

ئەبوطەلحە وتی: وا ئەکەم ئەی پێغەمبەری خوا. بەم شێوەیە باغەکەی بەش کرد بەسەر خزم و ئامۆزاکانیا. وە بەشێکیشی لێ دا بە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم، ئەویش بەشەکەی خۆی پێشکەش کرد بە شاعیرەکەی کە حەسسانی کوڕی پابیتی ئەنصاریی بوو..

ئەبوطەلحە و خێزانەکەی خوا لێیان ڕازی بێت زۆر چاك لێ بڕا بوون بۆ وە دەست هێنانی ڕەزامەندیی خوا - جل جلالە - جارێکیان پیاوێك دێتە لای پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم و ئەڵێ: زۆر هیلاك و ماندووم.

پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم ناردی بۆ لای یەکێ لە خێزانەکانی خۆی (تا شتێك خواردەمەنیەك بنێرێت)، وەڵامی دایەوە: بەو خوایەی کە تۆی بە حەق ناردووە جگە لە ئاو هیچم لەلا نییە!! دوای ئەوە ناردی بۆ لای خێزانێکی تری، ئەویش هەمان وەڵامی دایەوە، هەتا هەموو خێزانەکانی بەو شێوەیە وەڵامیان دایەوە: بەو خوایەی کە تۆی بە حەق ناردووە جگە لە ئاو هیچم لەلا نییە!

تەنها تۆزێ ویژدان لە دڵ و دەروونی هەر کەسێکا بێ، لەبەر هەڵوێستی وادا، ناچارە دان بنێ بە ڕاستیی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کە تاقە پێشەوای مرۆڤایەتییە..

فەرمووی: کێ ئەمشەو ئەم پیاوە میوانداریی ئەکا ڕەحمەتی خوای لێ بێ؟! پیاوێك لە ئەنصارەکان هەڵئەسێتەوە (کە لە ڕیوایەتی ئیمام موسلیم ئەبوطەلحەیە) و ئەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا من...

پیاوەکە ئەباتەوە بۆ ماڵەوە بەبێ دەنگ بە خێزانەکەی ئەڵێ: هیچ خواردنت بەلاوە هەیە؟ ئەڵێت: نەخێر، تەنها خواردنی مناڵەکانم، ئەڵێ: دەی بە شتێ بیان خلاتێنە و ئەگەر ئێوارە داهات و ویستیان نان بخۆن (بە برسێتیی) بیان خەوێنە. جا ئەگەر میوانەکەمان هاتە ژوورەوە چراکە بکوژێنەوە و وا دەرخە کە ئێمەش نان ئەخۆین (ئەمەش لەبەر ئەوە میوانەکە یەکجار هیلاك و برسیی بووە).

وە لە ریوایەتێکا: ئەڵێ: جا کە دەستی کرد بە نان خواردن هەستە و چراکە بکوژێنەرەوە (تا وا بزانێ ئەوانیش خەریکی نان خواردنن)، ئەڵێ: خۆیان دانیشتن و میوانەکە نانەکەی خوارد و خۆیشیان بە برسێتیی ڕۆژیان کردەوە..

بۆ سبەینێ هاتە لای پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم (بێ ئەوەی هیچی بۆ بگێڕێتەوە) فەرمووی: بە ڕاستیی خوا سەری سوڕما بوو لەو کارەتان کە بەرامبەر میوانەکەتان کرد، وە لە ڕیوایەتێکا ئەمەشی بۆ زیاد کراوە: وە ئەم ئایەتە پیرۆزەش بەو بۆنەوە هاتە خوارەوە:

﴿وَيُؤۡثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ وَلَوۡ كَانَ بِهِمۡ خَصَاصَةٞ ۝٩﴾ (الحشر)

نەك تەنها ئەبوطەلحە، بەڵکو هەموو موسڵمانێکی تێگەیشتوو لە قورئان پێویستە بەو شێوەیە دەست لە دنیا هەڵگرێ لە پێناوی ڕەزامەندیی خوای گەورەدا تا قیامەتی دەست کەوێ..

ئەوەتا پیاوێك ئەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا فلانەکەس دارخورمایەکی هەیە و ئەکەوێتە باخچەکەی منەوە، بەشکوم فەرمانی بدەیت بەسەرا تا بیدات پێم، (وەکو ئەوە ڕێی لێ گرتبێ)، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی: بیبەخشە بە دار خورمایەکی بەهەشت، کەچی کابرا نەیدا، هاوەڵێك کە ناوی ئەبوو ددەحداح بوو - خوا لێی ڕازیی بێت - ئەمەی بیست هاتە لای خاوەن دارخورماکە و پێی وت: دار خورماکەتم پێ بفرۆشە بە باخچەکەم. (واتە با بیان گۆڕینەوە)، ئەویش وتی: باشە و گۆڕییانەوە، پاشان هات بۆ لای پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم وتی ئەی پێغەمبەری خوا! وا دارخورماکەم کڕیوە بە باخچەکەی خۆم، وە وا من بەخشیم بە تۆ و تۆش بیدە بەو. فەرمووی: چەند دار خورمای پڕ بەروبوومی گەورە گەورە پێشکەشی ئەبوددەحداح بکرێت لە بەهەشتا؟

پاشان هاتەوە بۆ لای خێزانەکەی و وتی: ئەی ئومموده‌حداح! لە باخچەکەمان دەرچۆ، فرۆشتوومە بە دار خورمایەکی بەهەشت، ئافرەتەکەش - بە شێوەی ئافرەتی موسڵمانی شوێنکەوتووی قورئان، خوا پاداشتی چاکەی بداتەوە - وتی: فرۆشتنەکەت قازانجی کرد..

ئا بەم شێوەیە موسڵمانە پێشینەکان کەوتنە شوێن قورئان. وە بەم شێوەیە دنیا پەرستنیان لە دڵ و دەروونیاندا ڕیشەکەن کرد. وە بەم شێوەیە دڵیان ملکەچ کرد بۆ فەرمایشتەکانی قورئان. پاشان بەم هەست و هۆش و بیروباوەڕەوە بە دەستێك شمشێریان گرت بۆ ڕماندنی قەڵای ستەمکاران و بە دەستێکیش قورئان تا گەلە چەوساوە ماف خوراوەکانی پێ هیدایەت بدەن و لە گومڕایی و ستەم و جەور و سەرلێشێواویی و نەگبەتیی ڕزگاریان بکەن..

جا با خاوەن ویژدانەکان بێن و سەرنجی ژیانی ئەو کۆمەڵە قورئانییە بێوێنە بگرن و بەراوردیشی بکەن لەگەڵ هەموو کۆمەڵەکانی تری سەرزەوییدا تا بۆیان دەرکەوێ تەنها هەڵگرانی قورئان توانیویانە ئارەزوو و هەوەسی تایبەتی لەناو دڵیانا ریشەکەن بکەن و ژیانیان تەرخان بکەن بۆ حەسانەوەی مرۆڤ بە هیوای ڕەزامەندیی خوا و ژیانی نەبڕاوەی بەهەشت..

بۆیە پێویستە ڕۆڵەی موسڵمانیشمان لەم ڕوانگەیەوە سەیر بکا و ئا بەم شێوەیە لە هەڵگرانی قورئان تێ بگا کە ئەو بەڕێزانە مەبەستیان هیدایەت دانمان بووە و ئەوان وەك کۆمەڵە خوانەناسەکان چاو برسیی و چاوچنۆك نەبوون و مەبەستیان دەست کەوتنی ئەم ژیانە نەبووە، وە زۆریش نامەردییە پزیشك بە دوژمن و گورگ بە شوان بزانین..

## فەڕ و پیرۆزیی

لەم باسەی ئەبوطەلحەدا وا چاکە ڕووداوێکی سەیر و گرنگ باس بکەین کە ژیانی سێبەری قورئان بەم ڕووداوە نایابانە ڕازاوەتەوە..

ئەنەسی کوڕی مالیك خوا لێی ڕازی بێت ئەڵێت: ڕۆژێکیان هاتمە لای پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم سەیر ئەکەم لەگەڵ هاوڕێکانیا دانیشتووە و قسەیان بۆ ئەکات و، سکی توند بەستووە، پرسییم لە یەکێ لە هاوەڵەکانی: بۆچی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم سکی بەستووە؟ وتی: لە برسانا. منیش ڕۆیشتم بۆ لای ئەبوطەلحەی مێردی ئوم سولەیمی کچی مەلحان و وتم: بابە گیان: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دیی سکی توند بەستبوو، کە پرسییم لە هاوەڵێکی وتی: لە برسانا، ئەبوطەلحە چووە ژوورەوە لای دایکم و وتی: هیچ خواردنێکت لا هەیە؟

وتی: بەڵێ، چەند پارچە نانێك و چەند خورمایەك، ئەگەر پێغەمبەری خوا بە تەنیا بێت تێر ئەبێت. بەڵام ئەگەر کەسی تری لە گەڵا بێت بەشیان ناکا. ئەبوطەلحە پێی وتم:

برۆ ئەی ئەنەس، لە لای پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم ڕاوەستە، ئەگەر هەستا وازی لێ بێنە تا لە هاوەڵەکانی جیا ببێتەوە، پاشان شوێنی بکەوە تا بگاتە بەر دەرگاکەی خۆیان ئەوسا پێی بڵێ: باوکم بانگت ئەکات..

منیش چووم و وام کرد، جا کاتێ وتم: باوکم بانگت ئەکات، بە هاوەڵەکانی فەرموو: هەمووتان وەرن، دوای ئەوە دەستی گرتم و توند گوشیی. بە خۆی و هاوەڵەکانیەوە هات تا نزیکی ماڵەوە بوومەوە پاشان دەستمی بەردا و چوومە ژوورەوە بەڵام بە دڵی تەنگەوە لە بەر زۆری هاتوان (و کەمیی خواردەمەنیی).

جا وتم: بابە گیان، ئەوەی تۆ فەرمووت بە پێغەمبەرم وت، ئەویش هاوەڵەکانی بانگ کرد و هێنانی لەگەڵ خۆیا..

ئەبوطەلحە چووە دەرەوە و وتی: پێغەمبەری خوا من ئەنەسم نارد تا خۆت بە تەنیا بانگ بکا، وە ئەوەندە خواردەمەنییمان لا نییە کە ئەمانە تێر بکا..

پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم فەرمووی: بڕۆرە ژوورەوە، ئەوەی هەتە خوا فەڕ و پیرۆزیی تێ ئەخا.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم هاتە ژوورەوە و فەرمووی: چیی خواردنتان هەیە کۆی کەنەوە، پاشان نزیکی بخەنەوە، وە هاوەڵەکانیشی لە دەرگا وەستا بوون، ئێمەش چیی نان و چیی خورمامان هەبوو هێنامانە پێشەوە و کردمانە سەر حەسیرێك و پێغەمبەری خوا داوای فەڕ و بەرەکەتی بۆ کرد و پاشان فەرمووی: با هەشتیان بێنە ژوورەوە.

منیش وام کرد. هەشت هاوەڵم کردە ژوورەوە، ئەم هەشتە تێر نانیان خوارد، ئینجا فەرمانی پێ دام هەشتی ترم کردە ژوورەوە و پێشینەکان چوونە دەرەوە، پاشان من و دایکم و ئەبوطەلحەی بانگ کرد و فەرمووی:

ئێوەش بخۆن. ئێمەش تێرمان خوارد، پاشان دەستی پیرۆزی بەرز کردەوە و فەرمووی: ئەی ئوم سولەیم ئەمە لە کوێ لە چاو ئەو خواردنە کە تۆ دات نا..

دایکم وتی: دایك و باوکم بە قوربانت بن، ئەگەر بە چاوی خۆم نان خواردنیانم نەدیایە ئەموت، خواردنەکەمان لێی نەخوراوە.

ئەمە و وێنەی تری زۆر لە ژیانی پێغەمبەری خۆشەویست و هاوەڵە موسڵمانەکانی، پەڕاوە ئیسلامیەکانیان پێ ڕازاوەتەوە.

بەڕاستیی ژیانی سێبەری قورئان بەخشش و بەخششێکی زۆر گەورەش. ئەوانەی لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ئەژیان هەستیان بە خۆشیی و ئارامیی دڵ ئەکرد. هەستیان بە چاودێریی پەروەردگار ئەکرد. ئەوەندە بە تەنگ دنیاوە نەبوون، بۆیە بە ماوەیەکی کەم توانییان سەربەرزیی هەردوو جیهان بۆ خۆیان تۆمار بکەن..

## بەرهـەمی ئـارام

پێم خۆشە لەگەڵ ڕووداوێکی تری ژیانی خێزانی ئەبوطەلحەدا بژین، کە نموونەیەکی پڕشنگدارە لە ژیانی کۆمەڵی موسڵماندا. کۆمەڵی موسڵمان هەموو ژیانی هەر ئارامە، هەر دان بە خۆدا گرتنە، ئەوەندە هەڵە و هەرزە نییە منالْ بازاڕیی کار ناکاتە سەر ژیانی. هەتا ئافرەتی موسڵمان ئەبێتە نموونەیەکی سەربەرزکەرەوە لە خۆگرتن و دامەزراوییا..

جارێکیان ئەبوطەلحە لە ماڵەوە نابێت و کوڕێکیان ئەمرێت. خێزانەکەی ئامۆژگاریی کەس و کارەکەی کرد کەوا کە ئەبوطەلحە هاتەوە تا خۆی دەنگ نەکات کەس هەواڵی نەداتێ..

کاتێ ئەبوطەلحە هاتەوە خێزانەکەی خواردەمەنیی دەرخوارد دا و بە دەست قەست زۆر لە جاران زیاتر خۆی بۆ رازاندەوە، جا دوای خۆشیی و کامەرانیی نێوان خۆیان، ئوم سولەیم وتی: ئەبوطەلحە ئەگەر کەسێ سپاردەیەکی لای خاوەن ماڵێك دانا و دوای ئەوە داوای کردەوە، ئایا خاوەن ماڵ بۆیان هەیە بەرهەڵستیی بکەن؟ وتی: نەء، وتی دەی کوڕەکەت خۆت خۆش و لە خوا داوای پاداشت بکە..

ئەبوطەلحە ئەمەی زۆر پێ ناخۆش بوو و لە خێزانەکەی تووڕە بوو، کەوا بۆچ لە پێشەوە هەواڵی نەداوەتێ و ئاگاداری نەکردووە.

ئەبوطەلحە هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم وە هەواڵەکەی بۆ گێڕایەوە، جا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم داوای فەڕ و پیرۆزیی ئەو شەوەی بۆ کردن کە فەرمووی:

(( بارك الله لكما في غابر ليلتكما)).

ویستی خوا وابوو ئوم سولەیم سکی پڕ بێت. جا دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم مەککەی ڕزگار کرد و لە بت پەرستان پاکی کردەوە، بیستی کەوا هەوازین و پهقیف خەریکی کۆکردنەوەی لەشکرن بۆ بەگژا هاتنی موسڵمانەکان، بۆیە بە پێویستی زانی نەهێڵێ ئەوان هێرش بێنن، بەڵکو موسڵمانەکان هەڵمەت بەرن. ئەبوطەلحە و ئوم سولەیمی خێزانیشی سەربازی کۆڵنەدەری ئەم لەشکرە خواییە بوون..

ئەوەبوو لەشکری موسڵمانەکان - بە بۆنەی هەندێ موسڵمانەوە - بە شان و باڵی خۆیا ئەینازیی و خەریك بوو پشت بە خوا بەستنی لە دڵا لاواز بێ، بۆیە خوای گەورە لە دەست پێکردنی جەنگەکەدا شکاندنی، بە جۆرێ موسڵمانەکان بە تەواوەتیی سەریان لێ شێوا. تا (دە) موسڵمانی ئەهل و بەیت و موهاجیر و ئەنصار[1] دەورەی پێغەمبەریان دا و سەرەنجام صەد موسڵمانێ کۆبونەوە و وەك شاخی دامەزراو لەبەردەم شالاوی کافراندا پێیان کوتا بە زەوییا کە ئەبوطەلحە و خێزانەکەشی لە ناویانا بوون.

---

(١) ئەمانە بوون: ئەبوبەکر و عومەر و عەلیی و عەبباس و فەضلی کوڕی و ئەبوسوفیانی کوڕی حاریث و جەعفەری کوڕی رەبیعەی کوڕی حاریث و ئوسامەی ئەیمەنی کوڕی ئوم ئەیمەن کوڕی عوبەید..

ئەبوطەلحە لەو ڕۆژەدا ئەوپەڕی پاڵەوانێتیی نواند، هەتا خۆی بە تەنها بیست پیاوی کافری کوشتن و چەك و تفاقەکەشیانی دەستگیر کرد. هەتا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی:

ئەبوطەلحە شێرێکە لە شێرەکانی خوا..

لەولاوە ئوم سولەیمی خێزانی، کە سکی پڕ بوو، توند بە پارچە قوماشێ سکی بەست و بە دەستێکی ڕەشووی وشترەکەی ئەبوطەلحەی گرت و بەوی تریش خەنجەرێك..

کاتێ ئەبوطەلحە چاوی پێ کەوت وتی: ئەوە چیتە ئەی ئوم سولەیم؟

وتی: ئەگەر هەر کافرێك نزیکی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بکەوێتەوە بەم خەنجەرە ورگی ئەدڕم..

ئەبوطەلحە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، نابیستی ئوم سولەیم چی ئەڵێت؟

پێغەمبەری خواش صلى الله عليه وسلم پێکەنیی و لە خوا داوای چاکەی بۆ کردن.

ئا بەم شێوەیە ئوم سولەیم پێغەمبەری ئازیزی ڕەوشت بەرزی خۆش ئەویست..

ئەنەسی کوڕی مالیك - خوا لێی ڕازی بێت - ئەگێڕێتەوە و ئەڵێ: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هاتە ماڵمان و خەوی چێشتەنگای کرد[1]. جا عارەقی کردبوو و ئوم سولەیمی دایکم شوشەیەکی هێنا و

---

(١) پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم نەئەچووە هیچ ماڵێك تیایا بخەوێت جگە لە ماڵی ئوم سولەیم و ئوم حەرام کە خوشك بوون، چونکە ئەمان لە خاڵوانی پێغەمبەر بوون..

عارەقەکەی ئەچۆڕانده ناویەوە، کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەخەو هەڵسا فەرمووی: ((ئەوە چیی ئەکەیت ئوم سولەیم؟)) وتی: ئەمە عارەقی تۆیە و ئەیکەینە ناو بۆن خۆشییەکەمان چونکە لە هەموو عەتر و بۆن خۆشییەك بۆن خۆشترە..

وەنەبێ تەنها ئوم سولەیم پێغەمبەری خوای صلی الله علیه وسلم خۆشویستبێ، بەڵکو هەموو موسڵمانەکان بە موهاجیر و ئەنصارەوە لە قوڵایی دڵیانا خۆشیان ئەویست، چونکە پێغەمبەری خوابوو. سەرکردەی ڕاستەقینە بوو. وەك سەرکردە نەفامییەکان نەبوو کە شوێنکەوتووەکانیان تەنها خۆشویستنی سەرزاریی و ریابازیی دەر ئەبڕن بۆیان و بەس..

ئەوەبوو لەشکری خواناس تووشی مەینەتیی و ناڕەحەتییەکی زۆر بوو تا سەرەنجام پشتی خوانەناسەکانی دا بە زەوییدا و ئەو ناوچەشی لە بت و بتپەرستان و ستەمکاران پاك کردەوە..

لەو سەرەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم گەڕایەوە و گەیشتە ناوچەی جیعیررانە، کەوا شەش هەزار ژن و مناڵی هەوازین لە جەنگەکەدا - بەپێی یاسا و باوی جەنگ - بە دییل گیرا بوو، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە وشتر و مەڕ و ماڵات..

لەو شوێنەدا چەند نوێنەرێك لە هەوازین هاتنە خزمەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و وتیان ئەی پێغەمبەری خوا، ئێمە خاوەن پشت و عەشرەتین، وە وا تۆیش زاڵ بوویت بەسەرمانا، جا چاکەمان لەگەڵ بکە، خوا چاکەت لەگەڵ بکا - ئەمە لە کاتێکا کە نوێنەرەکان موسڵمان بوون - وە ئەبوصەرد کە یەکێ بوو لە پیاوانی تیرەی بەنی سەعدی کوڕی بەکر - تیرەکەی حەلیمەی دایەنی پێغەمبەری خوا -

هەڵسا و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەوانەی بە دیل گیراون دایەن و پوورەکانتن، خۆ ئەگەر شیرمان بە حاریثی غەسسانیی وە یا نوعمانی کوڕی مونژیر بدایە و بەم شێوەیەی تۆ زاڵ ببوایە بەسەرمانا، بە تەمای سۆز و یارمەتیی ئەبووین، خۆ تۆش چاکترین ڕۆڵەی..

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: مناڵ و خێزانەکانتان لەلاتان خۆشەویستترە، یان ماڵ و سامانەکەتان؟

وتیان ئەی پێغەمبەری خوا، هەڵبژاردنی سامانەکەمان وە یان ماڵ و مناڵەکەمانت دایە دەستمان کەوایە خێزان و مناڵەکانمان بۆ بگێڕەوە، وامان پێ خۆشە..

فەرمووی: دەی هەرچی هی من و نەوەی عەبدولموگهلیبە، با بگەڕێنینەوە بۆ خاوەنەکانیان..

موهاجیرەکانیش وتیان: هەرچیش هی ئێمەیە با بۆ پێغەمبەری خوا بێت صلی الله علیه وسلم. (واتە با بیگێڕێتەوە بۆ هەوازین).

وە ئەنصارەکانیش وتیان: هەرچیش هی ئێمەیە با بۆ پیغەمبەری خوا بێت صلی الله علیه وسلم.

ئەقرەعی کوڕی حابیس وتی: بەڵام من و نەوەی تەمیم، نا، عوییینەی کوڕی حەصنیش وتی: من و نەوەی فەزارەش، نا، ئەمانە ئەعرابیی دەشتەکیی بوون، وە تازە بە تازە موسڵمان بوو بوون و هێشتا لە ئیسلام نەگەیشتبوون.

وە عەبباسی کوڕی مەرداس وتی: من و نەوەی سولەیمیش، نا.

نەوەی سولەیم (وتەکەی عەبباسی شکاند و) وتیان: با، هەرچی هی ئێمەیە با بۆ پێغەمبەری خوا بێت صلی الله علیه وسلم.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئەیزانیی ئەوانەیان کە لە ئیسلام نەگەیشتوون، دڵیان وا بە دەست کەوت و تاڵانەوە، دڵی نەشکاندن و ماوەی دان بە سەربەستیی خۆیان بجوڵێنەوە بەبێ زۆرگیریی وە یا رووگیریی، بۆیە فەرمووی:

هەر کەستان لەم دیلانە دەستی گرتووە بە مافی خۆیەوە (واتە نەیگێڕاوەتەوە بۆ خاوەنەکەی) لە جیاتی هەر مرۆڤێك شەش قاتی بۆ دائەنێم لە یەکەم دەستکەوتی ئەمجارەما، دەی مناڵ و خێزانەکان بگێڕنەوە بۆ خەڵکەکە..

ئەوانیش هەموویان بە گوێیان کرد و گێڕایانەوە..

لە ئیسلامدا هەتا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم نابێ دەسەڵاتی خۆی بەکاربێنێ بۆ زەوت کردنی مافی هیچ ئەندامێکی کۆمەڵی موسڵمان وە یا سەپاندنی کارێك بە سەریا کە بە دڵی نەبێت..

ئادەمیزاد لە سایەی ئیسلاما سەربەستە. خاوەن مافە..

لە لایەکی ترەوە ئەگەر نەفامیی سەرکەوتایە بەسەر ئیسلاما ئایا هەمان سۆز و بەزەییمان ئەدیی؟

هۆلاکۆ چی نەکرد بە موسڵمانەکان؟!

گاورەکانی ئەندەلوس چیان نەکرد بە موسڵمانەکان؟!.. هتد؟؟...

بەڵام کوان خاوەن ویژدانەکان تا بە چاوی ساغەوە سەرنجی مێژوو بگرن؟!

لەشکری موسڵمانەکان بەرەو مەدینەی پایتەخت گەڕایەوە، کاتێ نزیکی شار کەوتنەوە، ئوم سولەیم تووشی ژان و ئێشی منداڵ بوون بوو، مێردەکەی ناچار بوو بە دیاریەوە گل بخواتەوە و پێغەمبەری خوایش

صلی الله علیه وسلم لەسەر ڕەوتی خۆی بەردەوام بوو، ئەبوطەلحە وتی: خوایە، خۆت چاك ئەزانیی کە من وام پێ خۆشە هەر کاتێ پێغەمبەرەکەت دەرچێت لە گەڵیا دەرچم، وە هەرکاتێ بێتەوە لەگەڵیا بێمەوە. وە وا بەمەی کە ئەیبینی گلم خواردۆتەوە..

بەندە کە دڵی بەسترا بە پەروەرگاریەوە هەموو ساتێکی ژیانی - تاڵ بێ یا شیرین - هەر ڕەحمەت بارانە بە سەریا. بەندە لەگەڵ پەروەردگاریا بوو ئەویش دەستەبەرداری نابێت و هەموو ئاواتێکی بۆ دێنێتە دیی..

بەڵێ، کۆمەڵی موسڵمان بە ئاشکرا پەنجەی دەسەڵاتی خوای میهرەبان ئەبینێ. خۆی ماندوو ناکا بە فەلسەفەوە بۆ ناسینی خوا. ڕاستەوخۆ بە ڕوح لەگەڵیا ئەژیی هەروەك ڕاستیەکی بینراو. بەڵام ئەوانەی بەبێ ڕوح بەڵکو تەنها بە مێشك و ژیریی، خوا ئەناسن هیچیان دەست ناکەوێ، بەڵکو ڕێگای ڕاستیش نادۆزنەوە!!

ئەندامانی کۆمەڵی موسڵمان ئەوەندە جوان دڵ و دەروونیان بە کانیاوی ئیسلام فێنك کردبۆوە، ماوەی نێوان ئاسمان و زەویی هەڵگیرا بوو. پەردەکان پێچرابوونەوە. هەموو وشەیەکیان ئەگەیشتە ئاسمان. و بەخێرایی وەڵام ئەدرایەوە..

بە داخەوە موسڵمانەکانی ئەمڕۆ تا ڕادەیەکی زۆر لەو بەخشە گەورەیە خۆیان بێ بەش کردووە! هۆیش تەنها دوور کەوتنەوەیە لە قورئان. دوور کەوتنەوە بە هەموو واتایەکیەوە..

خوای گەورە بە دڵی ئەبوطەلحەی کرد، ئوم سولەیم وتی: ئەبوطەلحە ئێش و ئازارم نەما، هەستە بڕۆین. هاتن تا گەیشتنەوە مەدینە، ئەوسا خوا کوڕێکی پێ بەخشیین..

ئەنەسی کوڕی مالیك ئەڵێ: دایکم پێی وتم: ئەنەس ئەم منالە نابێ هیچکەس شیری بداتێ هەتا بیبەیتە خزمەتی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم، جا کە تووشی بووم فەرمووی: ڕەنگە ئوم سولەیم منالی بوو بێ، وتم: بەڵێ. منالەکەم خستە باوەشی پێغەمبەر و ئەویش داوای جۆرە خورمایەکی چاکی کرد و لە دەمیا جویی تا توایەوە، پاشان خستیە دەمی منالەکەوە و ئەویش زمانی ئەدا لە لێوی و چاوەڕوانیی هی تری ئەکرد. پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی: سەیری ئەنصار کەن چەند خورمایان خۆش ئەوێ، پاشان دەستی هێنا بە دەم و چاویا و ناوی نا عەبدوڵلا..

راویی ئەڵێ: دوای ئەوە حەوت کوڕیانم دیین کە لە مزگەوتا شارەزای قوڕئان بوون..

ئەوەی بیەوێ لە ئیسلام تێ بگا و ی پێ بکا پێویستە سەرنجی ڕەفتار و گوفتاری کۆمەڵی یەکەمی قوڕئان بگرێت، هەر کۆمەڵێ ئەو کۆمەڵە نەکاتە مامۆستای خۆی لەبەرپاکردنی کۆمەڵی موسڵماندا، ڕەنجی بێ هوودەیە و بە ئاوات ناگات..

وە کاتێ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە حەجی ماڵ ئاواییدا لە مینا لە سەربڕینی ((هەدی))یەکەی خۆی بوویەوە، داوای سەرتاشینی کرد. هاوەڵەکانیشی کۆبوونەوە و داوای مووەکانی سەریان لێ ئەکرد دوای تاشینی!!

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لای ڕاستی سەری خوار کردەوە بۆ سەرتاشەکە و تاشی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مووەکانی دا بە ئەبوطەلحەی ئەنصاریی، پاشان لای چەپیشی تاشیی و دیسان دایە ئەبوطەلحە و پێی فەرموو: دابەشی کە بەسەر خەڵکەکەدا..

ئەبووبەکر خوا لێی ڕازیی بێت ئەفەرموێ: ((سەیری پێغەمبەری خوام صلی الله علیه وسلم کرد، کەوا سەری ئەتاشیی و خالیدی کوڕی وەلیدیش ئەیوت: ئەی پێغەمبەری خوا، مووەکانی پێشەوەی سەرت مەیدە بەکەس جگە لە خۆم، دایك و باوکم بە قوربانت بێت..

سەیری خالیدم کرد کەوا مووەکانی پێشەوەی سەری پێغەمبەری خوای صلی الله علیه وسلم بە دەستەوە گرتبوو و ماچی ئەکردن و ئەیخستە سەر چاوی، دوای ئەوە خستیە ناو کڵاوەکەیەوە، وە پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم مووەکانی سەری بەخشییەوە بەسەر خەڵکەکەدا))..

خالیدی کوڕی وەلید بیست و یەك ساڵ دژی ئیسلام و پێغەمبەرەکەی وەستا، کەچی سەرەنجام موسڵمان بوو و سەربازێکی ئاوا دڵسۆز و بە وەفای لێ دەرچوو..

پاك و بێ گەردیی بۆ خوای بە دەسەڵات و وەرگێڕی دڵان..

وە ئەوەبوو ئەنەسی کوڕی مالیکیش خوا لێی ڕازیی بێت لە کاتی سەرەمەرگیا، تاڵێ مووی لە مووەکانی پێغەمبەری خۆشەویستی دەرهێنا و بە پابیتی بەنانیی وت: ئەگەر من مردم بیخەرە ژێر زمانم. پابیتیش خستیە ژێر زمانی و پێوەی ئەسپەردە کرا..

هەروەها پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم هەندێك لە مووی ڕیشی پیرۆزی دا بە ئەبوئەییوبی ئەنصاریی خوا لێی ڕازیی بێت.

وە کاتێ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کۆچی دوایی کرد، ئەبوطەلحە پلەیەکی تری وەرگرت، ئەویش بە هەڵکەندنی گۆڕی پێغەمبەری خۆشەویست صلی الله علیه وسلم.

بەڵێ ئەبوطەلحەیش بە وێنەی خوشك و برا موسڵمانەکانی بە دڵێکی پڕ لە ماتەمینەوە خوا حافیزییان لە پێغەمبەری پێشەوا کرد. فەرمانی خوایە و پێویستە هەموو ملکەچیی بۆ بکەن..

﴿ إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ (الزمر) (( [illegible] )).

## مەرگی مەردانە

ئەبوطەلحە نموونەی موسڵمانی ڕاستەقینە بوو. ئەو موسڵمانە بوو کە سەروماڵی بە دڵ و بە گیان فرۆشتبوو بە خوا وە تا ئەو ڕۆژەی کە کۆچی دوایی کرد هەر سەرگەرمی ڕۆژوو گرتن و جیهاد بوو.

ئەگێڕنەوە ئەبوطەلحە دوای پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم (٣٠) ساڵ ژیاوە[١]. لەم ماوە زۆرەدا مەگەر لە ڕۆژەکانی جەژندا - کە ڕۆژوو گرتنیان حەرامە - و لە کاتی نەخۆشیی و سەفەردا بە ڕۆژوو نەبوو بێ، ئەگینا ساڵ دوانزە مانگ بە ڕۆژوو بووە. خوا ویستی وابوو بەتەواویی چوو بە ساڵا، بەڵام ئەم بەساڵا چوونەی نەیتوانی ببێتە هۆی کۆڵ پێدانی لە جیهاد لە ڕێی خوادا، بەڵکو خوا هەتا ئەو ڕۆژەی لە گەشتیی زەمینیی بوویەوە ئەو خەریکی جیهاد بوو بۆ بەرز کردنەوەی ئاڵای ئیسلام. تا ئەوە بوو لە سەردەمی خەلیفە عوپماندا - خوا لێی ڕازیی بێت - موسڵمانەکان ویستیان بچنە دەریاوە بۆ گەیاندنی ئایینی ئیسلام بەو گەل و هۆزانەی کە دەریا لە

---

(١) لە هەندێ ریوایەتا لە ساڵی (٥١) و لە هەندێکا لە ساڵی (٣٤)ی کۆچییدا کۆچی دوایی کردووە..

جیهانی ئەوانی پچڕاندوون..

ئەبوطەلحە دەستی کرد بە خۆ پێچانەوە تا بەژداریی ئەم لەشکرە بکات. جا کوڕەکانی پێیان وت:

خوا ڕەحمت پێ بکا، بابە گیان، تۆ بە یەکجاریی پیر بوویت و پەکت کەوتووە، وە لەگەڵ پێغەمبەری خوا و ئەبوبەکر و عومەردا بەژداریی جیهادت کردووە، جا چاکتر نیە ئیتر تۆ دانیشی و واز بێنی تا ئێمە لە جیاتی تۆ بچین بۆ جیهاد؟ وەڵامی دایەوە: خوای گەورە ئەفەرموێ:

﴿ٱنفِرُواْ خِفَافًا وَثِقَالًا ﴿٤١﴾﴾ (التوبة)

خوا داوای جیهادی لە هەمووومان کردووە، بە پیر و گەنجەوە، وە تەمەنی بۆ دیاریی نەکردووین. لەسەر ئەمە کۆڵی نەدا هەتا وازیان لێ هێنا و کەوتە ڕێ لەگەڵ لەشکردا لە کاتێکا موسڵمانەکان لەسەر پشتی پاپۆڕ بوون، لە ناوەڕاستی دەریادا، ئەبوطەلحە تووشی نەخۆشییەك بوو، کە هەر بەو نەخۆشییە لەو گەشتەدا لە دەریادا کۆچی دوایی کرد..

موسڵمانەکان چاریان نەما، ئەوە نەبێ کە بە کەشتیەکانەوە بگەڕێن بە شوێن دورگەیەکدا تا تیایا بینێژن. حەوت ڕۆژ بەناو دەریادا گەڕان ئەوسا وشکاییان دەست کەوت تا لاشەی پیرۆزی ئەبوطەلحەی تیا بنێژن، ئەویش لەناو بەلەمەکەدا، لە نێوانیاندا داپۆشراوە هەروەك خەوتوو، بێ ئەوەی هیچی لێ بگۆڕێ..

لە دوورگەیەکی بچکۆلەدا. لەناو دەریای پان و پۆڕدا. دوور لە نیشتمان و کەس و کار. دوور لە دۆست و خۆشەویستان. هەتا دوور

لە ئاوەدانیی. ئەبوطەلحە بە خاك سپێردرا. جا موسڵمانی وا کە دڵ و دەروون بەستراوە بە خواوە چ باکیەتی لە خەڵکەوە دوور بێت؟ گرنگ ئەوەیە هاوڕێی کاروانی ئیمان بێت. گرنگ ئەوەیە لە قیامەتا لە ژێر ئاڵای پێغەمبەردا بووەستێت..

وآخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين.

## سەرچاوەکان


| پەڕاو | دانەر |
|---|---|
| الإصابة في تمييز الصحابة | ابن حجر العسقلاني |
| حياة الصحابة | محمد يوسف الكاندهلوي |
| صور من حياة الصحابة | عبدالرحمن رأفت ثاشا |
| حلية الأولياء | الاصبهاني |
| صفة الصفوة | ابن الجوزي |
| القصص الإسلامية | احمد بن حافظ الحكمي |
| الرسول في قلوب أصحابه | وليد الاعظمي |
| معركة احد | محمد احمد باشميل |
| السيرة النبوية | ابن هشام |

| | |
|---|---|
| الرسول | سعيد حوى |
| الإستيعاب | ابن عبدالبر |
| الرسول القائد | محمود شيت خطاب |
| التاج | منصور علي ناصف |
| السيرة الحلبية | ابن برهان الدين الحلبي |

# چاپکراوەکانی نووسەر

أ- زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەر:

١- عومەیری کوڕی سەعد.
٢- نوسەیبەی کچی کەعب.
٣- عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف.
٤- عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود.
٥- ئەبوو ئەییوبی ئەنصاریی.
٦- خوبەیب و سەعید.

ب- زنجیرەی وت و وێژی قوتابییان:

١- منیش بوومە پشتیوانی.
٢- تاکەی دووره پەرێز بم؟

## ناوەڕۆك

پێشکەش.................................................٦
پێشەکیی..................................................٧
خـێزانی بەخـتـەوەر.......................................١٠
سـەربـازی بەوەفـا ......................................١٦
ئـامانج و مەبەستی موسڵمـان.......................٢٣
فـەڕ و پـیرۆزیی.........................................٣٠
بـەرهـەمی ئـارام.........................................٣٣
مـەرگی مـەردانـه.......................................٤٣
سـەرچاوەکان...........................................٤٦
چاپکراوەکانی نووسـەر.................................٤٨

# زەیدی کوڕی سەهل

ئازیزەکانم! ئەی هاوەڵە شیرینەکانی پێغەمبەری خوا..

چاك لام ڕوونە تەنها مسوڵمانەکان بە دڵ و بە گیان ئێوەی بەڕێزیان خۆش ئەوێت چونکە ڕەفتاری شیرین و کاری مەردانەتان شارەزان.. بەڵام نەفام و هەرزە و خۆپەرست خەڵەتاو و مێشك بەنج کراو و بەکرێ گیراوی بێگانەی کافر هەروەك شەمشەمە کوێرە توانای بینینی خۆری نیە، ئەوانیش دڵیان تاقەت ناگرێ ژیانی ئێوەی قارەمان پێشکەش بە مسوڵمانەکان بکرێت، چونکە ئەزانن ئیتر نیازی گڵاویان نایەتەدی..


نوسینگەی تەفسیر

بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن

هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس

+964 750 818 08 66

www.al-tafseer.com

tafseeroffice@yahoo.com

/TafseerOffice

trizone ARCHITECTURE COVER.DESIGN


1500 دینار